# کەناڵەکان بێلایەنانە بەرنامەکانیان پەخش ناکەن



ڤالانتینا پترۆڤینا

**ئا/ شەدە**

لەگەڵ سەیرکردنی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکانی کەناڵەکان کە لە روسیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی ناوی وەرگێڕەکەمان بەرچاو دەکەوێت کە ئەویش (ڤالانتینا پترۆڤینا)یە.

دەربارەی کەسایەتی‌و چۆنیەتی ئیش کردنی ئەو ژنە لە بواری منداڵاندا، بۆ ڕێوان دواو وتی" کە ئاشنا بوم بە گەلی کورد هیوام وابوو کار بۆمنداڵانی کوردستان بکەم، بۆیە گرێبەستم لەگەڵ تەلەفزیۆنی خاك بەست بۆ وەرگێرانی فیلم کارتۆن لە زمانی روسیەوە بۆ زمانی کوردی".

ئەو کاتێك دەست بە وەرگێرانی فلیم کارتۆنەکان دەکات هەندێك بابەت سەرنجی رادەکێشن کە بۆی دەبێتە پرسیارو دەڵێت" من 230 فیلم کارتۆنم وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی کەچی کەناڵەکان تەنها ژمارەیەکی کەمیان لێ بڵاوکردۆتەوە" ڤالانتینا درێژەی بە قسەکانی داو وتی:" کەناڵەکان بێلایەنانە بەرنامەکانیان پەخش ناکەن ئەمەش باش نیە بەتایبەت بۆ منداڵ‌و فەزایەکی خراپ لەمێشکیاندا دروست دەکات" سەبارەت بەوەی کە گەورە تەمەنەکانیش سەیری ئەو فیلم کارتۆنانە دەکەن کە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی پترۆڤینا دەڵێت" سەرەتا بەلامەوە سەیر بوو کە گەورەکان سەیری فیلم کارتۆنەکان دەکەن، پاش ئەوەی خوێندنەوەم بۆ کرد زانیم کە گەورەکانیش تەمەنی منداڵیەتی خۆیان نەدیوەو بیری دەکەن" ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسیەی لە کوردستاندا هەبووە.

سەبارەت بەدوور کەوتنەوەی لە وەرگێرانی فیلم کارتۆن دەڵێت" کەناڵەکان هیچ پرۆژەیەکی نوێیان نەخستۆتە بەردەستم بۆ وەرگێران، ئەمەش وای لە بینەر کردووە بپرسێت بۆ ئەو فیلم کارتۆنانە دووبارە دەکرێنەوە هیچی تازە نیە" هەروەها داوا لە دایکان‌و باوکان دەکات "کە گرنگی بدەن بە لایەنی پەروەردەی منداڵەکانیان‌و کێشەو گرفتەکانیان لەبەردەم منداڵەکانیان باس نەکەن".

ڤالانتینا بەرەگەز روسیەو لەدوای راپەرینەوە بەهۆی هاوسەرەکەیەوە هاتۆتە کوردستان، جگە لەکاری وەرگێران لەزانکۆی سلێمانی زمانی روسی وتۆتەوە، ئێستاش لە بەشی وەرگێرانە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ.

# کچێکی سەرنجڕاکێش




وەك عاشقێکی سروشت، جلەکانی بەری لە گوێنی دوریبو، شێنی جەبار خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکار قۆناغی سێهەم، لە فیستیڤاڵی سالانەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، بوە جێ سەرنجی ئامادەبوانی فیستیڤاڵەکەو بەرێوانی وت" من عاشقی سروشتم، جلەکانم هێمای گەڕانەوەن بۆ ناو سروشت "شێنی لەگەڵ بەخێرهاتنی میوانەکان چڵێك لەگوڵی سروشتیشی پێشکەش دەکردن.

# مۆمەکان بە ژێر پێوە دەبن



لەگەڵ ئەوەدا، کە دونیای ئێمە دونیایەکە تا ئاستێکی بەرز بارگاوییە بەتوندوتیژی، هاوکات کەسانێك هەن کە دەیانەوێت لەڕێی چەند کارێکی ناسك‌و جوانەوە، بەشێك لەدزێوی‌و ناشرینەکانمان کەم بکەینەوە، بەڵام دواجار دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئێمە وا بەئاسانی ناتوانین ناسك بین‌و بەشێك بین لەجوانی، بۆیە لەپێشانگایەکی شاری سلێمانی وەك تازەگەریەك‌و هەوڵێك بۆ جوانی لەناو هۆڵەکەدا کۆمەڵێك مۆمی بچوك داگیرسابوون، لەگەڵ کردنەوەی پێشانگاکەو هاتنە ژوورەوەی میوانەکان، مۆمەکان بەپێکانیانەوە نوسان‌و کوژانەوەو کەسیش سەیری بەرپێی خۆی نەکرد.

**بەم نزیکانە سایتی ڕێوان نوێدەکرێتەوە، ئێوەی خوێنەر دەتوانن بۆ هەواڵ‌و بابەت‌و ئامار سەبارەت بەدۆزی ژن بگەڕێنەوە بۆ سایتی ڕێوان** www.rewan.org




# مەهەستی، توشی شێرپەنجە بووە



ژنە گۆرانیبێژی ئێرانی مەهەستی توشی شێرپەنجەی ڕێخۆڵە بوە، لە کۆنسێرتێکیدا کە لە کۆتایی مانگی 3ی ئەمساڵدا لە شاری دوبەی پایتەختی ئیمارات سازی دا، باری تەندروستی تێکچوو دەستبەجێ گەیەنرایە نەخۆشخانە، دوای پشکنینی پزیشکی دەرکەوت، ناوبراو ماوەی چوار ساڵە توشی نەخۆشی شێرپەنجەی ریخۆڵە بوە، ئێستا هونەرمەند لە ژێرچاودێری پزیشکیدایە لە ئەمەریکا.

مەهەستی وەك زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی دوای شۆرشی 1979ی ئێران چوەتە دەرەوەی وڵات، لە ئەمەریکا ژیاوەو بەردەوامی داوە بەهونەرەکەی‌و خاوەنی چەندین ئەلبومەو یەکێکیشە لەو هونەرمەندانەی کە توانیویەتی مەقامی ئێرانی بخوێنێت.

لەرادیۆی زەمانەوە